# عەبادی: هەڵبژاردن نزیکە و سەقامگیری سوریاش بە داهاتووی عێراق زێر گرنگە

حەیدەر عەبادی سەرۆکی هاوپەیمانی نەسر،جەختی لە گرنگی سەقامگیریی سوریا بە عێراق کردەوە و ئاماژەی بەوەدا کە زەرینەی توخمە تیرۆریستییەکان لە سوریاوە هاتوون، ئەمەش جەخت لەسەر پەیوستی هاوکاریی نێوان هەردوو وڵات بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دەکاتەوە.

عەبادی لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا کە موتەبع بەدواداچوونی بە کردووە، ئاماژەی بەوەدا کە سیستەمی سیاسی عێراق هەمەچەشنییە، و جەختی لەوە کردەوە کە "ئازادییەکان دیارترین هێزی سیستەمی سیاسی ئێستان".

هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە: "بەڕێوەبردنی عێراق بە تایبەتی لە دوای ساڵی 2003ەوە قورس بوو بەهۆی ئەو ئاڵنگارییە بەرچاوانەی پێویست بوون بە تیرۆری قاعیدەوە".

سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، عەبادی ئاماژەی بەوەدا کە وادەی هەڵبژاردنی داهاتوو لە 25ی تشرینی دووەم تەناپەڕێنێ، ئاماژەی بەوەشکرد، "کاتی پێویست نییە بە هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن".